www.kurdistannet.org
12:54 25-2-2006 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست.. ! حەسەن سەید باقی

ماوەیەکی دوورو درێژە لە پرۆسەی گرتنی دکتۆر کەمالەوە، گەلی نووسەرو ڕۆشنبیر، خوێنەرو بیسەری سایتەکانی ئەنتەرنێت و ژوورەکانی پاڵتالك، بە شێوازی تاك و کۆ، لە هەوڵی ئازاد کردنی دکتۆردا بوون، هەریەکە بەو شێوازەی کەخۆی باوەڕی پێی هەیە، پێم وایە لەم نێوەندەدا دەنگی جیاواز هەبوو، بۆ بەشداری کردن لەو پرۆسەیەدا، گەلی لەوانە بەڕاست دەیان ویست پرۆسەی ئازادی لە کوردستاندابەرقەرار بێت، مافی تاك پارێزراو بێت، بەشێوازی یاسایی و ڕۆشنبیریانە لەخەبات کردندا بوون، بە پێچەوانەی ئەمەش تۆڕێکی جنێوفرۆشیش بە یەکگرتوویی لە شێوازێکی ڕێکخراودا لە هەوڵی چەواشەکاریدا بوون، ئەمانە کارو پیشەیان شکاندن بوو، لە هەوڵی تیرۆری سیاسی و کەسایەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردو ئەو کەسانەدا بوون کە هاو هەڵوێست نەبوو، لەگەڵ ئەو جنێوفرۆشانەدا. بەڵام ئەم خەتە گەندەڵەی ناو بزووتنەوەی ڕزگاری بەخشی کورد لە دێر زەمانەوە ئەوە هەڵوێستیان بووە، ئەوانە مێژوویەکی تەڵخیان هەبووە و هەیە، هەردەم لەسەنگەری دوژمنانی گەلی کوردەوە هێرشیان کردووەتە سەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەرجارەی بەشێوازێکی نوا و پلانی داڕێژراوی دەنگبەرەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان. وە دەیانەوێت ڕیزەکانی گەلی کورد تێکبدەن. منیش وەك هەرتاکێکی کورد، وەك نووسەرێکی ئازادیخواز کە باوەڕی تەواوم بەئازادی و مافی تاکە، لە هەوڵی ئازاد کردنی دکتۆر کەمالدا بووم ودەبم، بەڵام نا لەسەنگەری سەرلێشیواو جنێوفرۆشانەوە، بەڵکە بەو شێوازەی کە ئازادانە باوەڕم پێی هەیە، وە بە ڕێگەی نووسین و نامە ناردن بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم داکۆکیم کردووەو دەیکەم. وە پەیوەندی تەلەفوونیم کردووە بە بەرپرسان و خانەوادەی ئەو بەڕێزەوە، مەخابن گێرەشێوان و جنێوفرۆشان سەنگەریان لێگرتووم و لەسەنگەردا بوون بۆم، لەهەوڵی تیرۆرکردنمدا کەوتوونەتە هەڵبەستنی درۆو دەلەسە، تۆمەت دەخەنە پاڵم. هەروەك ئەوەی کاتی خۆی پێیان نەکرا تیرۆرم کەن، ئەمڕۆ ئەو شێوازە هەرزانانەیان گرتووەتە بەر بۆ دژایەتی کردنم، بەڵام ئەوەیان بۆ پشت ڕاست دەکەمەوە، ئەوان بەوە زیاتر ڕیسوا دەبن، وە وەك گیزەی مێشولەیەکن بەر ڕەشەبای ڕقی جەماوەر دەکەون، خۆیان لە زۆنگاوەکاندا دەبینەوە کە بۆگەنیان کردووە، بەرەو فەوتان دەچن. وە من ڕێگەی یاسایی دەگرمە بەر بۆ ئەوەی ئەو ترسنۆك و چەواشەکارانە بە سزای یاسایی خۆیان بگەن. من لێرەوە پەنا دەبەمە بەر یاساو سکاڵای خۆم دەگەیەنمە هەر مرۆ دۆستێك و دادگای ئەو وواڵاتانەی کە ئەو کەسانەی لێیە. تا نەتوانن لەوە زیاتر زیادە ڕۆیی بکەن. لەکاتێکدا تۆمەتی ناڕەوا دەدەنە پاڵ من و پاڵ ئەو کەسانەی کە مێژوویەکی پرشنگدارو دیاریان هەیە لە ژیان و سیاسەدا. من بۆ خۆم لێبووردنم نییە بۆ کەسانێکی وا بودەڵە و ڕیسوا، کە تۆمەتی نابەجی دەدەنە پاڵم. ئەوانە هەردەم شێرەشێریان دێت لە ژوورەکانی پاڵتالکدا، لەگەل ڕێزم بۆ ئەو کەسانەی کە گوا بیستی ئەو ڕەیسوایانە دەبن. چونکە ئەوانە هەناویان ڕەش بووەتەوە، ڕەشی هەناویان بەدەم هەڵ دەهێننەوە. ئەو کەسانە ڕیسوای مێژوون کە بەوشێوازە هەرزانانە هێرشی ناڕەوا دەکەن و کەسانی دی تۆمەتبار دەکەن، دەیانەوێت ناویان هەبێت. بەڵام ئەوانە لەوە کەمترن، وە بە بەزمی ئەوکەسە دەڕۆن کە لە سەرە ڕێیەکدا پیسایی دەکەن، جگەلە لەعنەت زیاتر هیچی تر هەڵناگرێنن. ئەڵمانیا 22. 02. 2006